وزیری ناوخۆ جەخت لە گرنگی پلانی ستراتیژی دەکاتەوە بە پاراستنی ئاسایش و سەقامگیری

ئەمڕۆ پێنجشەممە، عەبدولـئەمیر شەمەری وەزیری ناوخۆ، جەختی لە گرنگی پلانی ستراتیژی بە پاراستنی ئاسایش و سەقامگیری کردەوە.

وەزارەتەکە لە بەیاننامەیەکدا رایگەیاند: بە چاودێری و ئامادەبوونی وەزیری ناوخۆ عەبدولـئەمیر شەمەری، کۆبوونەوەی ئامادەکاری بە ئاسایشی ناوچەکە بەڕێوەچوو، کە هەردوو بریکاری وەزارەت بە کاروباری پۆلیس و هەواڵگری و ژمارەیەکی زۆر لە سەرکردە و ئاوەژکار و شارەزا لە وەزارەتەکە ئامادەیبوون.

شەمەری لە میانەی کۆبوونەوەکەدا، تەئکیدیکردەوە: دوو جۆر مەشق هەیە: یەکەمیان لەسەر ئاستی بەش، و ئەوی دیکەیان لەسەر ئاستی فەرماندەیە، و ڕێنماییشی دا، کە لیژنەیەك بە ئامادەکردنی ئەم ئامانانە پێکبهێنرێت.

شەمەری جەختیکردەوە، لەپێویستی زانینی سنووری بەشی بەرپرسیارێتی بە هەر بەڕێوەبەری بەش و ژێردەستەکانی، لەوانە پۆلیسی ناوخەیی، فریاکەوتن، هاتوچۆ، پاراستنی ئیمکانات، و جومگەکانی دیکە، بەمەبەستی داشتنی پلانی ستراتیجی بە پاراستنی ئاسایش و سەقامگیری لە سنوورەکانیدا.